

# هەقایەتە تاقانەکەی دایکم

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

سالّی دووهەزار و چوار بوو کە کتێبەکەی ئێچ. جی. وێلز، "ماشێنی کات"م لە دوکانی دەستی دووە خێرخوازییەکەی بلاک ستۆک ڕۆد بە پاوەندێک کڕی، خۆ کتێبەکەی ڕۆبنسن کرۆسۆی دانیال دێفۆیش لەناو ڕەفەی کتێبەکاندا جێی بۆ خۆی گرتبوو، وەلێ ئەوم نەکڕی، ئەگەر بکرێ لە خۆم بپرسم بۆچی؟ ئەوە ڕەنگە وەڵامم بۆ خۆم هەر ئەوە بێت بڵێم : چونکە من بە کردەوە سی ساڵ بوو وەک ڕۆبنسن کرۆسۆ دەژیام و دەمویست هەلێک، یان بابڵێم کەشتییەکم لە ئاسۆکانی ئەم دەریای تاراوگەیەدا لێ پەیدا بێت و بمگێڕێتەوە.."ماشێنی کات"یش ئەو کەشتییە بوو لە ئاسۆکانی ئەو خەمۆکییەوە لێم دەرکەوت کە دەریای تاراوگە دایم و دەرهەم خۆی پێ دەڕازاندەوە، ئەو کتێبە هەر بۆ خۆی ماشێنێکی دانسقەی ئەوتۆ بوو هەر تاقە وشەیەکی، چەند مەترێک، یان چەند کیلۆمەترێک، منیان بۆ دنیای تاسە و ئارەزوویەکی بێ ئامان دەگێڕایەوە، ئەو تاسە و ئارەزووەی کە چەشنی پشیلەیەک، بە قەپاڵێکی میهرەبان ملی دەگرتم و بەسەر دیوارەکانی حەوت مەملەکەتدا دەیبردم، تاوەک لە ژیانمدا، جارێکی تر چاوم لەوێ بکرێتەوە، لەوێ بەیەکجاری ڕوون بێتەوە. بەڵێ، وەک بەچکە پشیلەیەکی تازە لەدایکبووی چەند ڕۆژە، لەوێ، لەو دنیا دوورە چاو ئاوەڵا بکەمەوە کە هاوکات دنیایەکە، یان دنیایەک بوو، هەم لە بۆتەی خەیاڵیشدا و هەم لە تانوپۆی ڕاستیشدا خۆی لە قاڵب دابوو.

ئەم کتێبە نیوداشتە، لە هەندێ شوێنیدا تووڕی هەڵدەدامە نێو کووچە و کۆڵانگەلێکی سەیر و عاجباتی، سەرەتا کە بەناویاندا دەگەڕام، ئاوا خۆم دەدواند: ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ساڵەکانی ترس و ڕاکردن، ئەو ساڵانەی کە نەیاندەهێشت بە گەنجی ئاشنا بم، چێژ لە چرکەساتە گەوهەرئاساکانی وەربگرم، نازانم ئەم کتێبە جادووی لێ دەکردم، یان من هێشتاکێ

نەمتوانیبوو خۆم لەو شوێنە بەلەسە بکەم کە وەک فاق و تەڵە گرتبوومی و لێ نەدەگەڕا لەدەستی ڕەها بم، سەیرییەکەی لە باوەڕ بەدەر بوو، جاروبار تەمەنی لە بیر دەبردمەوە، هەستم دەکرد هێشتا ساڵە سپییەکانم تەشریفیان نەهێناوە و لە ساتی لەدایکبوونەوە نزیکترم وەک لەوەی لە ساتی مردن نزیک بووبمەوە. جاروباریش: وەک ئەوەی ڕۆڵی پەڕەشووتێک ببینێت و لە فەزایەکی بەرفراوانەوە بمخاتە ناو شوێنێکی ئەوتۆی وا کە لە هەمان کاتدا دیاریشە و نادیاریشە.

چوار.. چوار.. چوار..

ئەو دەمە و عەسرە، چەند کەڕەتێک تەماشای سەعاتە دیوارییەکەم کرد، هەڵبەتا بەدەم پەڕە هەڵدانەوەوە تیلەی چاوم دەگرتە سەعاتەکە و هەر جارەیش وام دەزانی میلەکە وەک شمشێرەکەی دیمۆکلیس لەسەر ژمارە چواردا گیرسابووەوە، کەچی دیقەتدان پاشگەزی دەکردمەوە و هەستەکەمی لە شەرم دەگەوزاند، نەختە تووڕە بوونێک داوێن گیرم بوو، تفێکم لە سەعاتەکە کرد..ئاخر من قەت نایەتە بیرم ئاوا تووڕە بووبم، دەتوانم بڵێم من لە هیچ شتێک تووڕە نەبوومە، بۆیە لەو کارەی خۆم تێنەگەیشتم و واقورمانێک داڵدەی دام.. چوار چوار چوار.. ئەم ژمارەیە ژوورەکەی تەنییەوە، نەیدەویست دەست لە یادم هەڵبگرێت، تۆزێک هێدمە دایگرتم، بەڵام ئەو سەعاتە نەفرەتییە، سەعات نەبوو، بەڵکو چیلکەیەک بوو دەستێکی لاسار و بزۆز لە ئاوەزم وەری دەدا و حەجمانی لێ هەڵدەگرتم. بە نەعلەت بێ لە بەرانبەرم بوو، چی بکەم؟ ڕۆیشتمە ژووری خەوتنەکەم و گەیشتمە ئەم دەستەواژەیە: "ئینجا گومانە سەخڵەت کەرەکان دەستەویەخەم بوونەوە، داخۆ بۆچی مۆڕلۆکەکان ماشێنی کات-ەکەی منیان بردبوو؟" و فاقئاسا باڵندەی نیگاکانی گرتم. وەک پلەی ئەو ساردییەی زستانی جەمسەرێکی دووریش ڕایان گرتم کە دەتوانم بڵێم ئەم کەسیرە بوونە ئەو تامەیان پێ بەخشیم کە جارناجار شرینقەی یادەوەری دەیچۆڕێنێتە ناو دەمارەکانی گیانمەوە. یەکەم جار کە ئاوڕم لە دیوارەکەی بەرانبەرم دایەوە، ڕووتوقووت بوو، بەڵام کە سەرلەنوێ سەرم هەڵبڕییەوە، تارمایی سەعاتەکە دەرکەوتەوە، وەک بڵێی ئەفسوونێکی ناوازەم لێ بکات، دیار بوو، دیاریش نەبوو. لەوە دڵگران بووم کە ژمارە چوار شوێنی خۆی بەجێ نەهێشتبوو، بە خۆم گوت: ئەی دەستم بۆ خاڵییە، کتێبەکە چی لێهات؟ کتێبەکە بووبووە ماشێنی کات و وەک بڵێی لە شوێنێکی گەرم گەرمەوە، یان لە دۆزەخێکی ساردەوە گەیشتبمە شوێنێکی دیکە. شەماڵێکی ئارەق ڕەوێنەرەوە لێی دام و پەییم بەوە برد کە ئەمە ئەو شوێنەیە کە زۆرجار وەک گەردەلوولێک وردوخاشیی بیرکردنەوە و خەیاڵم بۆ لای خۆی ڕاپێچ دەکات و دەیبات، دەیبات و دەیشزانم وەک خەونێک وایە، خەونێک کە وەک چاوترووکانێک تەمەن کورتە و درێژە ناکێشێت، کە وەک مووی ناو ماستیش لەناو خەوەکانم خۆی دەردەکێشێت، هەست بە مایە پووچییەکی بێڕادە دەکەم، گێجەکەی ئومێدی ناخم ڕیکۆردی پێچەوانە دەشکێنێ، دەکەومە شوێنێک. وردوخاشیم چیدی وردوخاشی نییە. لێرە: شتەکانی یادەوەریم بەرجەستە دەبنەوە، یان شتەکان بەر لەوەی لە یادەوەری بنەخشێن دەردەکەونەوە، شتەکان ئازارم دەدەن، سەرشکان، دڵشکان و شکانەکانی تریش...کۆڵانەکان ختووکەی ئارەزووی قاچەکانم دەدەن، بەر لەوەی شەقاوەکانم تاوبدەم، بەردێک دەگرمە حەوشەیەکی ئاشنا، لە دەرگاکەوە، عەلەدرێژ دێتە دەرێ، مەوداکان پڕ دەبن لە سەرسامی: پێی دەڵێم: دەڵێی ڕۆژێک لە عومرت تێنەپەڕیوە، ئەویش لۆمەبارانە لێم ورد دەبێتەوە و هەمان شتم پێ دەڵێت. پێم هەرس ناکرێت. خۆم دەدوێنم: یانی چی؟ یانی ئێمە هێشتا هەر گەنجین؟ زەحمەتە ئەمە وەک باوەڕ بچەسپێت،بەڵام بە هەشتاو بەرنامەیەکی سەرپێیی دادەنێین. کات هێشتا گرەوی لێمان نەبردۆتەوە، پەنجەرەیەکی ئەفسووناوی سەرمان پێ هەڵدەبڕێت، ئەوە پەنجەرە پیرۆزەکەی ئوم مەجیدە، ئەو پەنجەرەیەی دەبوو لە کوڕەوە بمانکات بە پیاو، کەچی مخابن! شار دەبێتە کیژێکی نایابی ئەوتۆ نیگاکانمان بە باڵای خۆیدا دەدوورێتەوە، ئێمەیش گۆرانی: ئەنگوستت دەرزی زوڵفت خەیاتەی بۆ دەڵێین. بارانێکی بەستەزمان دەکەوێتە بارین، ئێمە تەڕ ناکات، وەلێ زەوی دەکاتە جەستەیەکی خنکاو، ئێمەیش هەر تەنیا ئەوەمان لەدەست دێت تەماشای بکەین. کۆڵانەکان باوەشن، باوەشی گەرموگوڕن و بەدوای خۆیاندا ڕاپێچمان دەکەن، بۆ هەر کوێ دەچین، لە هەر کوێ سەیری سەعات دەکەین، سەعات هەر چوار نیشان دەدات، بە کۆتایی جادەکەی

شاترلوو، ئەو جادەیەی حەمام عەلی بەگ دەکەوێتە سەری، پێ هەڵدەگرین، گۆڕستانەکەی تالیم تەپپە نیگاکانمان تۆزاوی دەکات و بەر لەوەی بگەینە پێچەکەی دەستە ڕاستی شەقامی جمهووری، مامۆستا عەبدوڵڵا سەڕاج بەرەو پیرمان دێت، زۆر سەرسامانە پێمان دەڵێت: ئەوە هێشتا نەڕۆیشتوون؟ ئەی من نەموت خۆتان لەم بارانە نارەسەنە دەرباز بکەن؟ ئەی من نەم..

ئیدی نازانم عاشقین، یان سەرخۆش..

بەر لەوەی بەرەو کتێبخانەکەی ئاسۆ شۆڕبینەوە، لە پێچەکەدا، وەک هەمیشە، حسێن میسری و سەعید کاکەیی سەرقاڵی دەمەتەقێیەکی شانۆییانە بوون سەبارەت بە پرۆڤەکانی"تریی ڕێوی"، کە تایبەت بە منداڵان بوو، لەوێ قەدەرێک لە تەکیان ڕاوەستاین و هەندێک سەرم نایە سەریان، بەڵام هیچ دەمەقاڵەیەکی لێ سەوز نەبوو، پاشان میهرەبانانە بۆ جەنەراڵ پرۆڤەکەی ڕۆژی پێنج شەممەیان داوەتیان کردم، لەوێوە داگەڕاینە خوارەوە، ئینجا چووینە ناو "ئاسۆ" و نەختێک چاومان بە کتێبەکاندا گێڕا و ئەو دەمەی کە دەمانویست ئەوێ بەجێ بێڵین، کاک جەبار لە ژێر مێزەکەی بەردەمی، کتێبێکی بچکۆلانەی خستە ناو هەفتەنامەیەکی هاوکارییەوە و وتی: کاک فەخرەددین چوار سەد و بیست و پێنج فلسمان بدەرێ، منیش هەفتەنامەکەم کردەوە"ناڵەی جودایی- یەکەی هێمن"م تێدا بینی، وامزانی بە بەلاش دەمداتێ، پارەکەم دایێ و دەرچووین. لەوێوە پەڕینەوە، بەرەو "گازینۆ نەسر"سەرکەوتینە سەرەوە، پیشانگای شێوەکار"سوعاد ستار"ی تێدا نمایش کرابوو، تابلۆ تاریک و خەڵووزئاساکان بێ ترووسکایی بوون، هەندێک مشتومڕم لەگەڵ کاک سوعاد کرد و نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێک، ئینجا بوو بە مشتومڕێکی گەرموگوڕ، من نەمتوانی شێوازەکەی قبووڵ بکەم،کەچی"ئەییوب شەریف"باسی ئەوەی دەکرد کە ئەمە شێوازێکی تەعبیرییە و گشت تابلۆیەک بە مانایەکی پەردەپۆشکراو دووگیانە، ڕاستییەکەی، دەمتوانی درک بە قووڵییەکانیان بکەم، بەڵام دانم پێیاندا نەدەنا ،دەمویست خەڵک بخرۆشێنن، هەستم دەکرد بۆ من تابلۆکان بەیەک دەچن، چۆن گومەزی مزگەوتەکان هەر هەموو هاوشێوەن، ئە ئاوا، بۆیە پێم گوت: نەدەبوو پلیتەیەک لەناو ئەم هەموو شەوەدا تیشک بداتەوە، خۆ لەم هەموو تاریکاییەدا چاو چاو نابینێت، پاشان مشتومڕ هەر بەردەوام بوو، عەلەدرێژیش، وەک هەمیشە هەوڵی دا شتەکان بە ئاراستەیەکی فەلسەفیدا بەرێت، بەڵام بۆی نەچووە سەر، ئیدی ئەو کەشوهەوا بارگاوییەمان بەجێ هێشت و لێمان دا ڕۆیشتین. هەموو کۆڵانەکان گەڕاین، لای مەزاتخانەکە عەلی وتی: با سەرێک لە باوکت بدەین، من پێویستم بە سپرایەکی خۆڵەمێشی هەیە، ڕەنگە لای ئەو دەست بکەوێت، چووینە لای، هەر بە خووخدەی جارانی خۆی، وەک ئەوەی پارچە شیرینییەک بێت و مێش و مەگەز تێی ورووکابێت، دەوری جەمەی دەهات، پێکەنین خانەیەکی ئەوتۆی دامەزراندبوو ئەوسەری دیار نەبوو، هەر کە لە چاوەکانی دەرکەوتین، هاواری کرد: ها کرماشانی. کەڵەشێر کرماشانی چۆنی؟ عەلەدرێژیش وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێکی دیکەی لێ بکات، دەنگی لێوە نەهات، ئیتر باوکم دەستێکی بە سمێڵە زلەکەیدا هێنا و بە پێچەوانەی گرژ و مۆنی و کەمدووییەکەی ماڵەوەی، ڕووخۆشانە و گاڵتەجاڕانە وتی: وتت بە دایکت؟ وتت بە دایکت سەروپێیەکمان بۆ بکات و دوو پێمان بۆ هەڵبگرێت؟ ئیتر ناگەهان ئەو دەوروبەرە بوو بە شایلۆغانی پێکەنین، من زۆر تەریق بوومەوە، بەڵام عەلەدرێژ، ئەگەرچی دەیزانی باوکم لە دەرەوە ئەو گاڵتە بێ حەدد و سنوورانەی بێ مەبەست بوون، وەلێ لە ناخەوە وەک کەفوکوڵی قاوە هەڵچووبوو. ساتێک بێ دەنگیی حەپەسانی پێ بەخشین و ئیدی وەک دوو دز قەلفرمان بۆ کرد و ئەوێمان بەجێ هێشت. پاش ئەوەی نەختێک دڵیم دایەوە، لێخنییەکەی ڕەوییەوە و بەلای حەسیرەکەدا، بەرەو پریادی شۆڕبووینەوە، دوو ڕۆژ بوو ئازاد شەیدا دیار نەبوو تاسەمان دەکرد و دەبوایە بیبینین، ئیتر نازانم دواتر لەوێوە بۆ کوێ چووین، بەڵام ئەوە دەزانم کە ڕاوەستان بەرۆکی نەگرتین، هەر ڕۆیشتین و ڕۆیشتین، هەستم کرد ئەم شارە گەنجیمان ناداتە دەم هیچ ڕەوت و تەوژمێک، گەنجیمان هەر تێدا دەمێنێتەوە، گەنجیمان مسۆگەر لەودا پارێزراوە، ئینجا بە بێ ئەوەی ماندوو بووبین بە لای سینەما «خەییام»دا لێژبووینەوە و بەسەر پردەکەی سەرخاسەدا ملی کۆرنیشمان گرت و بەرەو لای قوتابخانەکەم، ناوەندیی باوەگوڕگوڕ پەڕینەوە، دەبوایە هێدمەیەکی قووڵ دامبگرێت، بەڵام چاوم لەسەر

پەنجەرەکانی گیرسانەوە، تەنانەت یەک شووشەی ساغ چییە پێیانەوە نەمابوو، بێدەنگ بە هەورازەکەدا هەڵگژاین، لەسەر پردە بچکۆلانەکەوە، بەلای چەپدا خوار بووینەوە، لە قەبرستانەکەوە، بە هەنگاوی سووک، سووکتر لە کێشی ئەو پەپوولەپاییزەی کە شوێنەکان گەمەی پێدەکەن، لێژ بووینەوە و بەرەو تەپپەی مەلا عەبدوڵلا، ئەو شوێنەی کە لێیەوە ئەم گەشتە پیادەیەمان دەستی پێ کرد، گەڕاینەوە. هەر کە نزیک بووینەوە، یەکەوڕاست دەنگی دایکم منی کردەوە بە منداڵێک و کەوتمە ناو دوورگەی تاقە هەقایەتە کاریگەرەکەیەوە هەقایەتی "بلبلێکی دڵشکاو"، گوێم سەرلەنوێ پڕپڕ بووەوە لەم هەقایەتە، وەک ئەوەی شتێکی سەیر ڕوویدات، تەماشای سەعاتەکەم کرد، سەعات چوار بوو، هاوکات بە یەکمان گوت: کوێرا کات زەفەری پێ بردین؟ ئەم دەستەواژەیە هێزێکی جادوویی هەبوو، وەک هۆکەس پۆکەسی جادووگەرێک وابوو، هیچ شتێک لە دەوروبەرم دیار نەما، کتوپڕ گوێم لە دەنگی قاژقاژە بوو، دارەکان ڕەنگی خۆیان تەکاند، دنیا بە تەواوەتی خۆی لە تۆزی خۆڵەمێش وەردا، تاق و تەنیا خۆم بەدی کرد، نە عەلەدرێژ، نە تەپپەی مەلا عەبدوڵلا، نە دەنگەکەی دایکم، نە هەقایەتە تاقانەکەی و نە شار و نە ئەو دنیایەیش چیدی لەبەرچاوم دیار نەمان، کە پێیەکانم تێیدا جێ ئەتەری کۆنی خۆیان هەڵدەگرتەوە، هەستم کرد سێبەری من جارێکی تر ناکەوێتە سەر ئەرزی ئەم شارە، ئەو شارەی کە پارێزگاری لە گەنجیم کردبوو، ڕەوی بووەوە، بۆشاییە خۆڵەمێشییەکانی هەر تەنیا دەنگی ئەفسووناویی قاژقاژە تژییان کرد و سێبەرەکانیشی بایەکی بێ یادەوەری لەگەڵ خۆیدا دەیبردن، لەناکاو کتێبەکە لە دەستم پەیدا دەبێتەوە، چاوەکانم بە سەعاتی سەر دیوارەکەدا هەڵدەشاخێت، میلەکە لەسەر سەعات چواردا بە قەتیسی دەبینم، تفێکی لێ دەکەم و لاپەڕەیەک هەڵ دەدەمەوە، لاپەڕەی کۆتاییە: ئاوا دوا دێڕی دەبینم: یان دوا دێڕی وای لێ دێت:"گەشتیارەکەی کات بەر لە- سی ساڵ- دیار نەما. ئێستا ئیدی هەموو کەسێک دەزانێ کە ئەو هەرگیز نەگەڕایەوە".

ئیتر دای دەخەم بیردەکەمەوە، بیرکردنەوە وەک پەنجەرەیەکی هەڵماویی لێ دێت، بۆ ساتێکی کەمخایەن ڕوون دەبێتەوە: ئەو هەموو ساڵەی دوور لە کۆڵانەکەی جارانم هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە شتێکم بزر کردووە، هەمیشە هەستم کردووە کە بکەومەوە ناوی، ئەو هەستەم وەک شلەیەک دەبێ بە هەڵم و دیار نامێنێ، بەڵام ئێستا، ئێستا پاش ئەوەی پشیلەی بیرەوەرییەکان، بە قەپاڵ ملی تاسە و ئارەزووەکانی بینینەوەم بەسەر دیوارەکانی حەوت مەملەکەتدا دەبات و دەمگەیەنێتەوە، هەست دەکەم ئەو هەستە شلە ئاسایەم ناپاکیی لێ کردووم. ئیتر پەی بەوە دەبەم کە برژانگی چاوەکانم چەشنی گژوگیای سەرلەبەیانی بە دڵۆپەی ورد تەڕ تەڕ بوونە.

**ئەیلوولی٢٠١٦: هەولێر**